# ڕاگواستنی داواکاران بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی

نامیلکەی زانیارییەکان بۆ یۆنان
کوردی (Sorani)



وێنە: ئاندرە بونتی

SUPPORT IS OUR MISSION

گەر پێویستت بە پاراستنی نێودەوڵەتی هەیە و مەرجەکانی بەشداریکردن لە پلانی ڕاگواستن یەکیەتی ئەورووپا تۆش دەگرێتەوە:

- نوێنەرایەتی EASO یان UNHCR یان کاربەدەستانی یۆنان ئاگادار کەوە بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی و زیادبوون بە پلانی ڕاگواستنی داواکاری بنووسە
- بڕۆ نووسینگەیەکی پەنابەریەتی ناوچەیی بۆ خزمەتگوزاری پەنابەیەتی، یان
- لە ڕێگەی سکایپەوە پەیوەندی بکە بە پێناسەی: asylum.service.relocation بۆ بەدەستهێنانی زانیاری لەسەر پڕۆگرام بڕۆ www.asylo.gov.gr، بەشی بڕیاری چاوپێکەوتن بۆ ناو تۆمارکردن.

## "ڕاگواستن چییە؟"

ڕاگواستن گواستنەوەی ئەو پەنابەرانەیە کە بەئاشکرایی پێویستیان بە پاراستنی نێودەوڵەتی هەیە لە یۆناوە بۆ وڵاتێکی تر. داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتی تەنیا لە وڵاتی ڕاگواستندا پشکنینی بۆ دەکرێت. ڕاگواستن شێوازێکی ئاسوودە و یاسایە بۆ گواستنەوەی پەنابەران لە یۆنانەوە بۆ وڵاتانی تر. بەشداریکردن لەم پلانەدا هیچ تێچوونێکی نییە. نیشتەجێبوون لە ماوەی پڕۆسە و گواستنەوە بۆ وڵاتی ڕاگواستن بەخۆڕایی و بێبەرامبەرە.



Photo: Andre Bonetti

## دەتوانم بۆکوێ ڕاگوازم؟

دەتوانیت ڕابگوازیت بۆ وڵاتێکی ئەورووپی کە بەشداری کردووە لە پلانی ڕاگواستندا.

## ئاخۆ مەرجەکانی پلانی ڕاگواستن منیش دەگرێتەوە؟

بە مەرجێک ناوت تۆمار دەکرێت لە پلانی ڕاگواستندا کە پەنابەرێک بیت کە بەئاشکارایی پاراستنی نێودەوڵەتیت پێویست بێ، پاش 24ی ئازاری 2015 هاتبیە یۆنان و هاووڵاتی سوریا، ئەریتریا، عێراق،یان کەسێکی بێ وڵات بیت کە لەپێشوودا نیشتەجێی یەکێک لەم وڵاتانە یان وڵاتانی تری ناو لیستەی وڵاتانی خاوەن مەرج کە هەر سێ مانگ* جارێک نوێ دەکرێتەوە بووبیت.

* ئەو وڵاتانەی کە ڕێژەی وەرگرتن و پاڵپشتی نێودەوڵەتی ئەوان لەناو وڵاتانی ئەورووپیدا لە سێ مانگی ڕابردوودا سەروو یان بەرابەر بووە لەگەڵ 75%.



گرنگ

## قۆناغەکانی ڕاگواستن:

1) دەبێ داواکارییەک بۆ پاراستنی نێودەولەتی لە یۆنان پێشکەش بکەیت.
2) دەبێ هەموو ئەو بەڵگانەی کە لەبەردەستتە بە مەبەستی پشتڕاستکردنەوەی ناسنامەی خۆت و هەروەها هەموو بەڵگانە پێشکەش بکەیت کە لەلایەن پۆلیسی یۆنانەوە دراوە بە تۆ.
3) ڕاستی و دروستی وتەکان و ئەوە بەڵگانەی کە پێشکەشی دەکەیت لەلایەن خزمەتگوزاری پەنابەری و وڵاتی ئەوروپایی ڕاگواستنەوە پشکنینیان بۆ دەکرێت.
4) یەکسەر پاش ئەوەی یۆنان ڕایگەیاند کە وڵاتی ئەورووپی تۆ و ئەندامانی خێزنی تۆی (مێرد/هاوسەر و منداڵەکانت) وەرگرتووە، یۆنان دڵنیا دەبێتەوە کە تۆ لە خێراترین کاتدا بە شێوەیەکی ئەمن، یاسایی و بێبەرامبەر(بەخۆڕایی) بۆ ئەو شوینە دەگوازرێیەوە.
5) بڕیاری ڕاگواستن بەشێوەی نووسراوە پێت ڕادەگەیێندرێت.
6) زانیاری تایبەت بە گواستنەوە دەخرێتە بەر دەستت.
7) کاتێک دەگەیە وڵاتی ڕاگواستن، داواکارییەکەت بۆ پاراستنی نێودەودەوڵەتی پشکنینی بۆ دەکرێت و پێداویستییە سەرەتاییەکانی تۆ لەخۆ دەگرێت.

## ئاخۆ دەتوانم ئەو وڵاتەی هەڵبژێرم کە بۆی دەگوازرێمەوە؟

تۆ ناتوانیت وڵاتی ڕاگواستن هەڵبژێریت. بۆ بڕیاردان، ئەوەندەی بکرێت چەندین لایەنی تایبەت لەبەرچاو دەگیرترێت: پێداویستییە تایبەتەکان، بارودۆخی تەندروستی تۆ، پەیوەندی خێزانی، کارامەیی زمان و هەرجۆرە پەیوەندییەکی فەرهەنگی یان کۆمەڵایەتی کە لەوانەیە هەتبێت. هۆکاری دیکە وەک ژمارەی شوێنە مەوجوودەکان لە وڵاتە بەشداربووەکان لەبەرچاو دەگیرترێت.

**#relocation**

- پاش بەخشینی پاراستنی نێودەوڵەتی لەلایەن وڵاتێکی ئەورووپی، دەبێ بە ماوەی لانیکەم پێنج سال لەو وڵاتەدا بمێنیەوە.
- ڕێگەت پێنادرێت ئەم وڵاتە ئەورووپییە بەجێ بهێڵیت، مەگەر ئەوە کە دەستەڵاتداران ئیزن بدەن.
- ئەگەر بەبێ مۆڵەت ئەوێ بەجێ بهێڵیت، دەگەڕێندرێێتەوە بۆ ئەو وڵاتەی کە لێی ڕاگواسترابوویەوە.

## ئەم کارانەی خوارەوە مەکە:

- پێدانی پارە بە قاچاخچییەکان؛
- سەفەرکردن بە شێوەی نایاسایی؛
- خستنی خۆت و خێزانەکەت بۆ بەر مەترسی.

# لیستەی نووسینگەکانی پەنابەری کە دەتوانی سەردانیان بکەیت:

| نووسینگەی پەنابەری ناوچەیی | شەقام |
|---|---|
| ئاتن | 2, P. KANELLOPOULOU ST, 10177 ATHENS |
| تەسالۆنیکی | EX KTEO B BUILDING-PONTOU-LAHANAGORA AREA (GREEN GROCERY MARKET) 540 01 KALOHORI, THESSALONIKI |
| ئەڤرۆسی باشووری | 1B, MAKRIS AVE. 68 100 NEA CHILI, ALEXANDROUPOLIS |
| ئەڤرۆسی باکووری | First Reception Centre, 680 06 FILAKIO, ORESTIADA |
| ڕۆدز | 1, ELEFTHERIAS SQUARE, RHODOS, TRAFFIC POLICE BUILDING, 85100 RHODES |
| لەسڤۆس | Nationality Identification Centre, MORIA, 811 00 LESVOS |
| سامۆس | VATHI, SAMOS |

| نووسینگەی پەنابەری | لەسڤۆس، خیۆس، سامۆس ،لەرۆس، کۆس |
|---|---|

# نەخشەی یۆنان




هەروەها بۆ بەدەستەێنانی زانیاری زیاتر دەتوانی لەڕێگەی خوارەوە پەیوەندی بکەیت بە EASO: info@easo.europa.eu

European Commission

EASO

BZ-01-16-320-0G-N

Publications Office

Print: ISBN 978-92-9243-578-3 doi:10.2847/473201
Web: ISBN 978-92-9243-622-3 doi:10.2847/472525